WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (474)   سێشەممە 2017/11/21   30ی گەلاڕێزان - 2717   (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات



هیچ مەرجێک لە گرێبەستی نەیماردا نییە وا بکات بە ئارەزووی خۆی لە پاریس بڕوات..

## خۆشەویستی نەیمار و ڕیال مەدرید عیشقێکی مەحاڵە

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

سەرەڕای ئەوەی زۆر لە سەرچاوەکانی هەواڵ باس لە بوونی پلانێک بۆ چوونی نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی بۆ ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دەکەن، زۆر هۆکاریش هەن بۆ ئەوەی نەیماریش حەزبکات بچێتە یەکێک لە گەورەترین یانەکانی جیهان، بەڵام لە هەمانکاتدا هەندێ بەربەستیش هەن، وا دەکەن ڕۆیشتنی نەیمار بۆ ڕیال مەدرید مەحاڵ بێت.

بەهۆی ئەوەی ڕیال مەدرید لە بەرازیل خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، ژمارەیەکی زۆری یاریزانانی بەرازیلیش وەک ڕۆناڵدۆ، ڕۆبێرتۆ کارلۆس، کاکا، ڕۆبینیۆ و مارسیلۆ یارییان بۆ ڕیال مەدرید کردووەو هەمووشیان ژمارەی بەرچاویان لەگەڵ یانەی شاهانە بەدەستهێناوە، نەیمار ناهەقی نییە ئەو یانەیەی خۆش بوێ، کە بێگومان لەوێ هەست بە تەنیایی ناکات و بەهۆی نزیکبوونەوەی ئەستێرەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە ئاوابوون، نەیمار لە ڕیال مەدرید زۆرترین دەرفەتی دێتە پێش بۆ بردنەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان. بەڵام سەرەڕای ئەوەی نەیمار و ڕیال مەدرید یەکدییان خۆشدەوێ، هەندێک لە سەرچاوەکانی هەواڵ باس لە چەندین بەربەست دەکەن، کە پێیانوایە دەبنە ڕێگر لەبەردەم سەرگرتنی ئەو عیشقەی لەنێوان ئەستێرەی بەرازیلی و یانەی شاهانەدا هەیە.

لەو بارەوە راپۆرتێک لە لاپەڕە 6دا بخوێنەوە

سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق، سەبارەت بە بڕیاری دوورخستنەوەی یانەکانی کوردستان لە خولی عێراق، دەڵێت:

# دادپەروەرانەیە



سەرۆکی یانەی هەولێر:

## من لەجیاتی مەلا بوومایە وازم دەهێنا

مەلا عەبدولخالق مەسعود:

## یانەکانی کوردستان غەدریان لە خۆیان کردووە

« 2

## مێسی تەلەفۆنەکەی لەدژی ڕیال مەدرید بەکاردێنێت

« 5

4

زیدان گلۆپی سەوز بۆ ڕۆناڵدۆ هەڵدەکات



3

یان چامپیۆنزلیگ یان نەمان دەبێتە دروشمی یوڤێنتوس



4

یاریزانانی مان یونایتد لە 3 ساڵدا تووشی 187 پێکان بوونە





**وەرزێکە**

ئەحمەد سەرتیپ، ناسراو بە لولو، لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بە فەرمی پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی زاخۆوە کردووە، بۆ ئەوەی لە خولی نایابی عێراقدا یاری بۆ بکات. لولو لەو بارەوە گوتی «هەموو کارەکانی تایبەت بە گواستنەوەم لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانەی زاخۆ تەواو کردووە و بەشێوەیەکی فەرمی بوومەتە یاریزانی ئەو یانەیە، ماوەی وەرزێک یاری بۆ دەکەم. هیوادارم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم».

### مەلا عەبدولخالق مەسعود، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق، بۆ (ڕووداوی وەرزشی):

# یانەکانی کوردستان خۆیان غەدریان لە خۆیان کردووە

**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

مەلا عەبدولخالق مەسعود، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی)، داکۆکی لە بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی عێراقی کرد، سەبارەت بە دوورخستنەوەی 3 یانەی هەرێمی کوردستان، لە خولی نایابی عێراقی و گوتی «یانەکان خۆیان غەدریان لە خۆیان کردووە».

دوای ئەوەی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێ عێراق، بڕیاریدا ژمارەی یانە بەشداربووەکانی خولی نایابی عێراق لە 20 یانە زیاتر نەکات، 3 یانەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، سلێمانی و گازی باکوور لە بەشداریکردن لە خولەکە بێبەشبوون، ئەمەش ناڕەزاییەکی زۆری لە شەقامی وەرزشیی کوردستان دروستکرد، تەنانەت هەندێ لە بەرپرسانی ئەو یانانەی هەرێمی کوردستان، ڕەخنە و گلەییان ئاراستەی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کرد، بەو پێیەی کوردەو وەک پێویست بەرگری لە مافی یانەکانی کوردستانی نەکردووە.

لە وەڵامی ئەو ڕەخنانەدا، مەلا عەبدولخالق مەسعود، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەت بە (ڕووداوی وەرزشی)دا بەرگری لەخۆی کرد و ڕایگەیاند «بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی عێراقی بۆ هەموو یانەکان وەک یەکە، ئەو بڕیارە بڕیارێکی گشتگیر بووەو لەدژی هیچ یانەیەک نەبووە».

> «بڕیارەکە لەدژی هەولێر نەبووە، بۆ کەس ناتوانێت زاخۆ دەربکات»

مەلا عەبدولخالق مەسعود، هەروەها گوتی «ئێمە چی بکەین کە ژمارەی یانەکان بووەتە 20 یانە، بڕیارەکە شموولی کەسی نەکردووە، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین چەند یانەیەکی دیکە زیاد بکەین یاخود بهێڵینەوە، بڕیارەکە بۆ هەموو یانەکان وەک یەک بووە».

دکتۆر عەبدوڵڵا مەجید، سەرۆکی یانەی هەولێر، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، ڕاشکاوانە گلەیی لە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کرد، کە پێشتر جێگری سەرۆکی یانەی هەولێر بووەو گوتی «ئەگەر من لەجیاتی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بوومایە، بەهۆی ئەو ستەمەی لە یانەی هەولێریان کردووە، وازم لە پۆستەکەم دەهێنا».

مەلا عەبدولخالق مەسعود، لە وەڵامی قسەکانی سەرۆکی یانەی هەولێردا، گوتی «ئەم بڕیارە تەنیا لەدژی یانەی هەولێر نەدراوە، تەنیا یانەکەی من نییە دوورخراوەتەوە، ئەوەتا یانەکەی فالح موسای جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراقیش دوورخراوەتەوە، کە یانەی سناعەیە».

> «یانەی هەولێر کە خۆی پاشەکشەی لە خولەکە کردووە ناتوانم بیگەڕێنمەوە»

ناوبراو هەروەها گوتیشی «ئێمە هەر یانەیەک زیاد بکەین کەس قبوڵ ناکات، بەتایبەتی یانەکانی عەرەبی، چونکە ئەوە سیستمی خولەکەیە و ئێمەش کار لەسەر سیستمی یەکێتییەکە دەکەین، بۆیە پێموایە بڕیارەکە دادپەروەرانە بووە».

سەرەتا یەکێتی تۆپی پێی عێراق، ویستی ژمارەی یانەکانی خولی نایابی عێراق بۆ 26 یانە زیاد بکات، بەڵام 12 یانە، لەنێویشیاندا گەورە یانەکانی زەورا، جەویە، تەڵەبە و شورتە هەڕەشەی کشانەوەیان لە خولی عێراق کرد، ئەگەر ژمارەکە لە 20 یانە زیاتر بێت، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی عێراق ناچاربوو، 20 یانە بهێڵێتەوە، بەمەش یانەکانی هەولێر، سلێمانی و گازی باکوور کە بڕیاربوو بەشدار بن، لەو مافە بێبەشبوون.

بەهمەن غەریب، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی سلێمانیش بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند «یانەی سلێمانی بە بڕیار گەڕێندرایەوە خولی عێراق و بە بڕیاریش دەرکرایەوە، بەڵام ئێمە داوای مافی خۆمان دەکەینەوە، چونکە خەرجییەکی زۆرمان کردووە، یاریگەمان نۆژەنکردووەتەوەو گرێبەستمان لەگەڵ چەندین یاریزان کردووە، ئەمە پارەیەکی زۆری تێچووەو پێویستە قەرەبوو بکرێینەوە».



جێگری پێشووی سەرۆکی یانەی هەولێر، ئۆباڵی بێبەشبوونی یانەی هەولێری لە خولەکە خستە ئەستۆی هەولێرییەکان و گوتی «بۆچی یانەی هەولێر پاشەکشەی کرد لە خولی عێراقی، ئەوکات وەزیری وەرزش و لاوانیش پەیوەندی بە پارێزگار و چەند بەرپرسێکەوە کرد بۆ ئەوەی هەولێر پاشەکشە نەکات، بەڵام پاشەکشەی کرد، کە پاشەکشەشی کردووە بێگومان دادەبەزێ، بۆچی ئێستا زاخۆ بەشدارەو کەس ناتوانێ بێبەشی بکات یاخود دووری بخاتەوە، چونکە مافی خۆیانە». مەلا عەبدولخالق مەسعود، هەروەها گوتیشی «من وەک سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کاردەکەم، کار بۆ هەموو یانەکانی عێراقی دەکەم نەک تەنیا بۆ یانەکانی کوردستان، ئێمە ناتوانین تەنیا بۆ یانەکانی کوردستان کار بکەین، یاخود ئەگەر یانەیەک دابەزی ناتوانین سەری بخەین، من بە یانەی هەولێریشم گوتییە ئەگەر ئێوە بەشداریتان کرد بەپێی توانا هاوکارتان دەبین، بەڵام ناتوانم هیچ یانەیەکی کوردستان سەربخەم کە دابەزی بێت».

### دیار کەمال، مامۆستای زانکۆ و ڕاهێنەری گۆڵپارێزان:

# یانەکانی کوردستان ڕاهێنەرێکیان دەوێ چی بڵێن بە قسەیان بکات



دیار کمال، ناوێکی دیارە لەنێو گۆڕەپانی وەرزشیی و تۆپی پێی کوردستان، پێشتر وەک گۆڵپارێزێکی ئاستبەرز و دواتر وەک ڕاهێنەری گۆڵپارێزان، لەگلە چەندین یانە کاریکردووە. ئەو هەمیشە بە قسەی جدی خۆی هەبووە لەسەر ڕەوشی تۆپی پێ لە کوردستان. لە هەڤپەیڤینێکی (ڕووداوی وەرزشی)دا باسی ڕەوشی تۆپی پێ و یانەکانی کوردستان دەکات.
هەڤپەیڤین: کارزان کانەبی

**ڕووداوی وەرزشی: ماوەیەکی زۆرە دوورەپەرێزی لە دونیای مەشق و وەرزش؟**

**دیار کەمال:** بەڕاستی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی بەرپرسانی وەرزشیی و ئەو کەسانەی لەم وڵاتە وەرزش بەڕێوەدەبن گوێ لە قسە و بۆچوون و ڕەخنەی بنیاتنەری ئێمە ناگرن، ئەوان تەنیا پێیانخۆشە چەپڵە بۆ هەڵەکانیان لێبدەین، ئەمەش بۆ من قورسە. پێویستە یانەکان کار بۆ دۆزینەوەی کەسی بەتوانا بکەن نەوەک کەسەکان لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی و کوتلەکاری هەڵبژێرن. بەداخەوە زۆربەی یانەکان بەو شێوەیە کاردەکەن، ڕاهێنەرێکیان دەوێ چی بڵێن بە قسەیان بکات، ڕەچاوی توانا ناکرێت.

> «تۆپی پێ لە کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکی گەورە هەیە»

**ڕووداوی وەرزشی: بۆچی یانەکانی سلێمانی سوود لە توانای پراکتیکی و ئەکادیمی تۆ وەرناگرن؟**

**دیار کەمال:** دەبێ ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەوان بکرێت، لەگەڵ ڕێزم یانەکان دەم و چاو و دڵڕازیکردنیان کردووەتە پێوەر، لایەنی زانستیان بەلاوە گرنگ نییە، عەرەبێکی بێ توانایان بەلاوە پەسەندترە لە کوردێکی بەتوانا.

**ڕووداوی وەرزشی: چی بکرێ بۆ ئەوەی ڕاهێنەری خۆمان زیاتر بێنە مەیدانی مەشقەوە؟**

**دیار کەمال:** لە ڕووی زانستی کارگێڕییەوە چۆن یاریزان پێویستی بە بەهێزکردن و پێگەیاندن هەیە، بەهەمان شێوە ڕاهێنەریش وایە، بۆیە یانەکان ڕۆڵی بەرچاویان دەبێت لەم ڕووەوە، چۆن دەستی ڕاهێنەر بگرن و پێداویستی بۆ فەراهەم بکەن و ئارامی لەگەڵ بگرن و پاڵپشتی مەعنەوی بکەن، ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت توانای کارگێڕی یانەکانە، بەڵام ئاخۆ یانەکانمان تا چەند خاوەنی ئەو دەستە کارگێڕییە بەتوانایەن.

**ڕووداوی وەرزشی: داهاتووی گۆڵپارێزەکان لە کوردستان چۆن دەبینی، ئایا هیچ پرۆژەیەکت هەیە بۆ پێگەیاندنی گۆڵپارێزان؟**

**دیار کەمال:** زۆربەی یانەکانمان بەدەست نەبوونی گۆڵپارێزی سەرەکی و یەدەگەوە دەناڵێنن، ئەمەش جێگەی تێڕوانینی جدییە، پێویستە یانەکان لە ئاستی بێچوەشێران یاخود قوتابخانە وەرزشییەکان گرنکی بە دۆزینەوەی گۆڵپارێز بدەن، دۆزینەوەش پێویستی بە ئەزموون و دووربینی و وردبینی ڕاهێنەر هەیە. من پرۆژەیەکم هەیە، بەڵام بەتەنیا بە من ناکرێ، دەمەوێ قوتابخانەیەکی تایبەت بە پێگەیاندنی گۆڵپارێزان بکەمەوە، بەڵام بەداخەوە کەس وەک پێویست پاڵپشتیم ناکات.

**ڕووداوی وەرزشی: ئێستا تۆپی پێی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

**دیار کەمال:** تۆپی پێ لە کوردستان، پێویستی بە شۆڕشێکی گەورەیە، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ لە بناغەوە دروستی بکەیتەوە.



### بەهرەیەکی میللی..

# فیراس لاسایی دیبالا دەکاتەوە

**عومەر قاسم**
**ڕووداوی وەرزشی - قەسروک**

فیراس عەدنان حەسەن، یەکێکە لەو گەنجانەی حەز و ئارەزوویەکی زۆری بۆ تۆپی پێ هەیە، بۆیە بە بەردەوامی هەوڵیداوە زیاتر پەرە بە خۆی بدات، ئەو ئێستا یاریزانێکی باش و بەتوانایە، لەگەڵ چەند تیپێکی بەتوانا بەشداری لە چەندین خولی تۆپی پێدا کردووەو چەندین نازناوی بەدەستهێناوە.

فیراس، ڕۆژی 1999/2/14 لە ناحیەی قەسروکی سەر بە پارێزگای دهۆک لەدایکبووە، هەر لە تەمەنی منداڵی خولیای تۆپی پێی هەبووە. کاتێک دەچێتە قوتابخانە زیاتر تواناکانی دەردەکەون و بەشداری لە چەندین چالاکی قوتابخانەکان دەکات، بەڵام بەداخەوە کە ناتوانێت لە قوتابخانە بەردەوام بێت. سەرەتای یاریکردنی فیراس، لەگەڵ تیپی میللی کوردستان بووە، ئێستاش لەگەڵ یەکێک لە تیپە بەناوبەنگەکانی دەڤەرەکە، تیپی مۆناکۆی قەسروک، لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات. فیراس سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە هاوکارییان کردووە، بەتایبەتی ڕاهێنەر عیمران و کاپتن وڵات و محەممەد عەلی، کە هەموو کات پاڵپشتی بوونە و زۆر شتی نوێ لە ئەوان فێربووە.

فیراس بە پاولۆ دیبالای یاریزانی ئەرجەنتینی سەرسامەو لە هەمانکاتدا بە دیبالاش ناوبانگی دەرکردووەو لە یاریکردندا لاسایی ئەو دەکاتەوە، فیراس دەڵێت «ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێک بەشداری لە خولەکانی هەرێمی کوردستان بکەم، بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بەخۆم بدەم و وەک یاریزانێکی چالاک و پێشکەوتوو دەربکەوم».

### چارەنووسی خولی نایابی کوردستان دیاریکرا

### یەکێتی تۆپی پێی کوردستان:

# شوێنی یانەکانی کەرکووک پارێزراوە

**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

دلشاد سالح، ئەندامی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند لە کۆبوونەوەی دوێنێیدا، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان چارەنووسی خولی کوردستانی دیاریکردو گوتی «یانەکانی کەرکووک سەرپشک دەکرێن».

یانەکانی کوردستان بەردەوامن لە ئامادەکارییە دوورودرێژەکانیان بۆ خۆئامادەکردن بۆ دەستپێکی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە ئەم وەرزە بەهۆی ئەو بارودۆخەی لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووەو بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی شاری کەرکووک لە لایەن حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراقییەوە، هەموو هەوڵەکان پێچەوانە بوونەوە، بەڵام دواجار یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆبوونەوەیەکی یەکلاکەرەوەی ئەنجام دا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خولی نایابی کوردستان.

دلشاد سالح، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «چارەنووسی خولی نایابی یانەکانی کوردستان دیاریکرا، لە 2017/12/1 خولی فوتسال و لاوان دەستپێدەکات و لە 25ی ئەم مانگەش یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ نوێنەری یانەکانی نایابی کوردستان ئەنجام دەدات و تێیدا کاتی بەڕێوەچوونی خولی نایابی کوردستان دیاری دەکرێت».

لەبارەی بەشداریکردنی دوو تیپەکەی شاری کەرکووکیش لە خولی نایابی کوردستان، کە هەریەک لە یانەکانی کەرکووک و یانەی گازی باکوورن، ئەو بەرپرسەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، گوتی «ئێمە دەتوانین هەموو شتێک بکەین ئەگەر چارەنووسی ئەم دوو تیپەمان یەکلایی نەکردەوە، بەڵام وەک یەکێتی تۆپی پێی کوردستان نامانەوێ فشار بخەینە سەر یانەکانی شاری کەرکووک». هەروەها گوتیشی «یەکێتییەکەمان یانەکانی کەرکووک سەرپشک دەکات لەوەی ئەم وەرزە بەشداری لە خولی نایابی کوردستان بکەن یان نا، بەڵام ئەگەر نەشتوانن بەشدار بن، ئەوا شوێنیان پارێزراوەو بۆ وەرزی داهاتوو لە خولەکە دوور ناخرێنەوەو دەتوانن بەشداری لە خولەکەدا بکەن».



رووداو وەرزشی
ژمارە (474)
سێشەممە 2017/11/21





**مەرجی هەیە**

ڕۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی، ئاشکرایکرد کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەری ئیتاڵی، کە دوای دەرکردنی لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، ئێستا بێکار لە ماڵەوەیە، ڕازی بووە ببێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، بەڵام مەرجێکی هەیە. لەبارەی ئەو مەرجەی ئەنچیلۆتییەوە ڕۆژنامەی ناوبراو نووسیویەتی «مەرجی ئەنچیلۆتی ئەوەیە یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵیا پلانێک بۆ پەرەپێدانی تۆپی پێی لاوان و تازەپێگەشتووان دابنێت و خۆیشی هەڵبژاردەیەکی گەنج پێکبهێنێت».

## گەڕی پێنجەمی کۆمەڵەکان لە چامپیۆنزلیگ..

# یان چامپیۆنزلیگ یان نەمان دەبێتە دروشمی یوڤێنتوس

**شرۆڤە: سەفین تەها**

تۆپی پێ کاتێک لە ئەورووپا دەچێتە حاڵەتی گەرمبوونەوە ئیدی بێڕەحمانە وەستانی نییەو لەدوای یارییەکانی پاڵاوتن و یاریی دۆستانەی هەڵبژاردەکان، خولە ئەورووپییەکان بە چەند ڕۆژێکی کەم دەستیان پێکردەوە، یاری چ یاری؟! دێربی و لوتکە بەدواییەکدا هاتن، ئینجا نۆرەی چامپیۆنزلیگە ئەو پاڵەوانێتییەی ئاوی چاوەکان دەبات، قۆناخێکی هەستیارتر لەوانەی دیکە، بۆ هەندێکیش تاقیکردنەوەی یاریزانان بۆ پلانی نوێی ڕاهێنەرەکان لە یاریگە ئەورووپییەکاندا دەبێت.

یارییەکانی پاشکۆی پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی کۆتاییان هات، هاندەرانی هەندێک هەڵبژاردە شۆک بوون دوای ئەوەی نەیانتوانی بگەنە مۆندیال، باشترین نموونەش هەڵبژاردەی ئیتالیا بوو کە 3 یانەیان لە خولی یانە پاڵەوانەکان یاری دەکەن، هەرسێکیشیان هەلی گەیشتنیان بە قۆناخی داهاتوو هەیە، هەرچەندە ئەوەی ناپۆلی کەمێک زەحمەتترە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا ئەو شۆکە بەریان بدات و هاندەرانیش لەگەڵ لاکێشەی سەوزدا ئاشت ببنەوە.

### کۆمەڵەی یەکەم

ئەوە ئاشکرایە کە مان یونایتد لێرە یەکەمی کۆمەڵەکەی گرتووە، لە یارییەکانی داهاتوودا مانیو تەنیا یەک خاڵی دیکەی دەوێت، وابزانم ئەوەیان زۆر ئاسانەو یاری ئەمجارەی مانچێستەر یونایتد بەرامبەر بە یانەی بازلی سویسرییە، یاری چوون 3 ـ 0 لە سوودی کوڕانی مۆو کۆتاییهات، ئەمە لە کاتێکدا کە سوورەکان لە باشترین کاتەکانیاندان، بە گەڕانەوەی ئیبراهیمۆڤیچ و پۆگبا، گۆڵکردنی لوکاکا و بردنەوەیەکی گەورە بەسەر تیپەکەی بێنیتێزدا. بلیتی دووەمی ئەم کۆمەڵەیەش لەنێوان سیێسکا مۆسکۆ و بازلدا یەکلایی دەبێتەوە.

### کۆمەڵەی دووەم

خێر و شەڕی ئەم کۆمەڵەیە دابەشکراوە، پاریس یەکەمی کۆمەڵەکەی گرتووەو بایرنیش دووەمە، هەردووکیان بەفەرمی لە قۆناخی داهاتوون، ئەوەی ماوە و جێگای گرنگیپێدان بێت بلیتەکەی یۆرۆپالیگە لەنێوان سێلتیک و ئاندێرلەخت، کە سێلتیک سێ خاڵی هەیە و ئاندێرلەختیش هیچ خاڵێکی نییە، دواگەڕی یارییەکانی کۆمەڵەکە ئەو یارییە یەکلایی دەبێتەوە کە یاری چوون بە سوودی سێلتیک 3 ـ 0 کۆتاییهاتبوو.

### کۆمەڵەی سێیەم

کۆمەڵە شۆکهێنەرەکە، ئەو کۆمەڵەیەی ڕۆما هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی و شەڕی مان و نەمانی خستە نێوان 3 یانەوە، کە خۆی سەرۆکی کۆمەڵەکەیە بە 8 خاڵ و ئەمجارە ڕووبەڕووی ئاتلێتیکۆ دەبێتەوە لە میترۆپۆلیتانۆ، یاری یەکەمیشیان 0 ـ 0 کۆتاییهاتبوو، بەرامبەر بوون یان بردنەوە ڕاستەوخۆ ڕۆما دەگەیێنێتە قۆناخی 16، لە هەمووان زیاتر ئەوەی خزمەتی بە ڕۆما و چێلسی کرد یانەی قەرەباخی ئازەربایجانی بوو، کە دوو یاری لەسەریەک لەگەڵ ئاتلێتیکۆ مەدریدا یەکسان بوو، خۆ ئەگەر چێلسی ئەم یارییە بباتەوە ئەوا ڕاستەوخۆ و بێ ئاوڕدانەوە لە ئەنجامی یارییەکەی دیکە دەگاتە قۆناخی داهاتوو.



### کۆمەڵەی چوارەم

بارسێلۆنا و یوڤێنتوس، دوو گەورە پاڵێوراوی ئەم کۆمەڵەیە لە یاری دووەمی ئەم قۆناخەدا بەیەک دەگەن، ئاشکرایە کە یاری ڕابردوو 3 ـ 0 بارسا بردییەوە، ئەمجارە لە یاریگەی یوڤێنتوس ئارێنا بەیەکدەگەن، یارییەک زۆر جیاواز لەوەی پێشتر، ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە تیایدا ڕەنگە ئەستەمبێت سەرۆکی کۆمەڵەکە لە بارسا وەربگیرێتەوە، بەڵام ئەوەش ئەستەمترە جارێکی دیکە بارسا بردنەوە بەدەستبهێنێتەوە، یاری ڕابردوو یوڤێنتوس بە 7 یاریزانی پێککراوەوە یاریکرد، لە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمدا دیشیلیۆ تووشی پێکان بوو، باڵی ڕاست تێکشکا دوای ئەوەی بە ناچاری ستورارۆ کە یاریزانی ناوەڕاستە لەو جێگایە یاریکرد و هەرسێ گۆڵەکە لەو باڵەوە کرا، بارسا ئەنجامەکانی زۆر باشن کەس گلەیی لێیی نییە، بەڵام ئەنجامە باشەکان ئاستە خراپەکەی یان با بڵێین ئاستە ناجێگیر و نادڵنیاییەکەی شاردووەتەوە. دۆڕانە گەورەکەی ئەم هەفتەیەی یوڤێنتوس بەرامبەر سامپدۆریا بەڕاستی کاریگەر بوو، ئەوەشی سەلماند کە یوڤێ ئەمساڵ یان چامپیۆنزلیگ یان نەمان هەڵدەبژێرێت. دوو یانەکەی دیکەی ئەم کۆمەڵەیە، ئۆڵیمپیاکۆس وێرانترینیانە، سپۆرتینگیش جێگای ئەوەیە چەپڵەیان بۆ لێبدەن، دوای ئەوەی ئاستێکی نموونەییان بەرامبەر هەردوو یانەی بارسا و یوڤێ پێشکەشکرد و ئێستاش هەڕەشەن بۆ بارسا کە لە دوا یارییدا بەرامبەریان یاری دەکەن، خۆ ئەگەر بێت و بارسا بەرامبەر یوڤێ بدۆڕێت و بەرامبەر سپۆرتینگیش، ئەوا سەرناکەوێت، بەمەرجێک یاری داهاتووی لە ئۆڵیمپیاکۆس بباتەوە، بەڵام ئەمە ئەگەرێکی زۆر لاوازە و ئەگەری ڕوودانی زۆر کەمە.

### کۆمەڵەی پێنجەم

گرنگترین یاری کۆمەڵەکە لەنێوان سێڤیلیا و لیڤەرپووڵ لە سانچێز پیزخوان دەکرێت، یارییەک بۆ ئەوەی یەکلاببێتەوە کە کامیان دەگاتە قۆناخی داهاتوو، کامەشیان لەگەڵ یانەی سپارتاک مۆسکۆدا لە جەنگدا دەبێت تا کۆتا گەڕ. یاری یەکەمی هەردوولا بە یەکسانی کۆتاییهات، دواتر لیڤەرپووڵ یەکسانبوونێکی دیکەی بەرامبەر سپارتاک مۆسکۆ تۆمارکرد، ئەمە لەو کاتەدا بوو کە لیڤەرپووڵ لە قەیراندا بوو، ئاستی باش نەبوو، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە باشتر بووە، ئەوان خاوەنی سەلاحن کە لە 18 یاریدا 14 گۆڵی کردووە، گۆڵکەری پرێمەرلیگە، یەکلاییکەرەوەیە، سێڤیلیا ئاستی باش نییە ئەمساڵ، ئەوان بەرامبەر سپارتاک مۆسکۆ لە یاری چووندا 5 گۆڵیان لێکراو لە یاری گەڕانەوەشدا بە زەحمەت بردیانەوە، لە خولی ئیسپانیشدا ئاستیان وەک پێویست نییە، یاری ئەمجارەیان بەرامبەر بە لیڤەرپووڵ قورسە، بەڵام لە دوا یاریدا ئەرکیان نەرمترەو لەگەڵ ماریبۆردا یاری دەکەن.

> «خێر و شەڕی کۆمەڵەی دووەم پێشوەختە دابەشکراوە»

> «260 خولەک بۆ سڕینی فرمێسکی ئیتاڵییەکان»

### کۆمەڵەی شەشەم

مانچێستەر سیتی لەم کۆمەڵەیەدا یەکەمە و تەنیا لەیەک لایەنەوە قسەی لەسەردەکەین ئەویش ئەوەیە کە لەم کۆمەڵەیەدا ئەرکێکی هەیە ئەویش بردنەوەیە لە یانەی شاختاری ئۆکراینی کە لە دوا گەڕدا بەیەکەوە یاری دەکەن، ئەمە سوودی بۆ ناپۆلی ئیتاڵی دەبێت بە مەرجێک لەم هەفتەیەدا لە فاینۆردی هۆڵەندی بباتەوە و لە دوا هەفتەشدا و لە نێو یاریگەی خۆی لە شاختار بباتەوە ئینجا ناپۆلی دەگاتە قۆناخی 16، بەڵام هەر هەڵەیەک یان بەرامبەربوونێک یان دۆڕانێک ناپۆلی دەنێرێتە ماڵەوە، خۆ ئەگەر مان سیتیش بەرامبەر شاختار یەکسان بێت، ئەوا ڕاستەوخۆ شاختاری ئۆکراینی سەردەکەوێت.

> «بارساله مەترسی دەرکردن رزگاری نەبووه»

### کۆمەڵەی حەوتەم

ئەم کۆمەڵەیە بە کۆمەڵەکەی بێشکتاشی تورکی ناسراوە، ئەوان 10 خاڵیان هەیەو ئەم دوو یارییە پێویستیان بە خاڵێکی دیکە هەیە بۆ سەرکەوتن، ئەم یارییەی بێشکتاش بەرامبەر بە پۆرتی دووەم یاری دەکات کە 6 خاڵی هەیە، یاری دووەمی ئەم کۆمەڵەیەش لەنێوان یانەکانی لایپزیگی ئەڵمانی و مۆناکۆی فەرەنسیدا دەبێت کە یارییەکە لەنێو خاکی میرەکاندا دەکرێت.

### کۆمەڵەی هەشتەم

لەچەند شیکردنەوەی ڕابردوودا ئاماژەمان بەوەکرد کە تۆتێنهامی ئینگلیزی دژبەری ئەو پێکهاتەیەیە کە یانەی ڕیال مەدرید یاری پێدەکات، پێکهاتەیەک لێوانلێو لە تەکتیکی بەرگری پتەو و هێرشبردنی خێرا، ئەمە بە چاوپۆشیکردن لەو ئەنجامە خراپانەی کە لە پرێمەرلیگدا تۆماریکردووەو دواینیانیش دۆڕانەکەیان بوو بەرامبەر بە ئارسیناڵ لە دێربی باکووری لەندەن.

یاری ئەمجارە لەنێوان تۆتێنهامی ئینگلیزی و دۆرتمۆندی ئەڵمانییە، یارییەکە لە ئەڵمانیایە، یاری چوون 3 ـ 1 لە سوودی سپێرس کۆتاییهاتبوو، ئێستا تۆتێنهام پلەی یەکەمی بە 10 خاڵ گرتووە، ڕیالیش بەدوایدا دێت کە خاوەنی 7 خاڵە، دۆرتمۆند ئەمساڵ بە خراپترین کاتەکانیدا تێپەڕدەبێت کاتێک لە 2 یاری ڕابردوودا لە ئاپۆیلی نەبردەوە و 4 خاڵی لەدەستدا، خۆ ئەگەر ئەو یاریانەی ببردایەتەوە، ئەوا یانەکە ئێستا بارودۆخێکی دیکەی دەبوو، ئەمە جیا لەوەی لە خولی ئەڵمانیدا ڕووخاوەو ڕۆژ لەدوا ڕۆژ خاڵ دەبەخشێتەوە. ڕیال مەدرید ئەو یانەیەی کە دۆخی تۆزێک لە دۆرتمۆند باشترە، بەوەی کە هەلی سەرکەوتنی زیاترە ئەمە سەرەڕای دۆڕانی لە یاری ڕابردوواو بەرامبەربوونی لە پێشتردا، بەڵام شاهانەکان پێش هەموو شتێک دەبێت بیر لەوە بکەنەوە بگەنە قۆناخی داهاتوو، دوای ئەوە کێشەکانیان لە بازاڕی گواستنەوەی زستانەدا چارەسەر بکەن و لە مانگی شوباتی ساڵی داهاتوودا زۆر بەهێز بگەڕێنەوە.

## لەبەر منداڵەکەی..

# ڕۆناڵدۆ تەلەفۆن لەسەر بنزیمە دادەخات

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی، ڕایانگەیاند کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی تەلەفۆنی لەسەر ئەستێرەی فەرەنسی کەریم بنزیمە داخستووە، کە پێشبینی دەکرا بەهۆی لێدوانێکی ڕۆژنامەڤانی بنزیمە بێت، کە تێیدا ڕۆناڵدۆی بە خۆویست وەسفکرد، بەڵام دواتر دەرکەوت هۆکارێکی دیکەی هەبووە.

کەریم بنزیمە، بە ڕۆژنامەنووسانی فەرەنسی گوتبووی «بەشێوەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ ڕۆناڵدۆ دەکەم، حەزدەکەم یاری لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەو لەمن خۆویستترە، بەڵام ئەوە بەدڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی تیپەکە دایە». چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی ئیسپانی باسی ئەوە دەکەن، بنزیمە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە ڕۆناڵدۆوە کردووە، بەر لەوەی باشترین یاریزانی جیهان هێڵەکە بەسەر سەرەڕمەکەی ڕیال مەدرید دابخاتەوە».

ڕاپۆرتەکان ڕوونیان کردووەتەوە، هۆکاری پچڕاندنی پەیوەندیەکە، بۆ تووڕەبوونی ڕۆناڵدۆ لە لێدوانەکانی بنزیمە ناگەڕێتەوە، وەک پێشبینی دەکرا، بەڵکو هۆکارەکەی لەدایکبوونی چوارەم منداڵی دۆن (ئالانا مارتینا) بوو، لە کچە دۆستەکەی جۆرجینا ڕۆدریگز. ئەو سەرچاوانە دەڵێن «دوای لەدایکبوونی ئالانا مارتینا بەچەند خولەکێک، ڕۆناڵدۆ پەیوەندی بە بنزیمە کردووەتەوەو هۆکاری داخستنی هێڵکەی بۆ ڕوون کردووەتەوە، پێشی ڕاگەیاندووە، لەو لێدوانانەی بۆ کەناڵ پلاسی داوە نیگەران نەبووە».





## دوو هاوڕێی نزیکن و بەردەوام تەلەفۆنیان بۆ یەکدی دەکرد..

# ڕامۆس چیدی قسە لەگەڵ دی ماریا ناکات

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

لێدوانەکانی یاریزانی ئەرجەنتینی ئەنخێل دی ماریا، ئەستێرەی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، بەدڵی ژووری جلگۆڕینی یانەی پێشووی ڕیال مەدرید نەبوو. لێدوانەکانی نۆلدز (ماکەڕۆنە) بووە هۆی تووڕەبوونی سێرخیۆ ڕامۆسی کاپتنی یانەی ڕیال مەدرید، تا ئەو ڕاددەیەی بڕیاریداوە چیدی قسە لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکەی نەکاتەوە.

بە گوێرەی چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی ئیسپانی، ڕامۆس و دی ماریا دوو هاوڕێی زۆر نزیکی یەکن و بەردەوام پەیوەندی بە یەکدییەوە دەکەن، هەرچەندە 3 ساڵیشە کوڕە ئەرجەنتینییەکە لە ڕیال مەدرید ڕۆیشتووە. دی ماریا، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتبووی «بەردەوام هەمان شت دەڵێمەوە، من مەدریدی نیم من شەیدای ڕۆزاریۆم، هەرگیزیش بۆ نیوڵز ئۆڵد بۆیز یاری ناکەم». هەروەها گوتبووشی «بەپێچەوانە ئەوە دەتوانم لە هەموو شوێنێک یاری بکەم، تەنانەت بارسێلۆناش».

بەپێی ئەو سەرچاوانە، دوای ئەو لێدوانانە، کە دی ماریا مەدریدی بوونی خۆی ڕەتکردەوە، ڕامۆس زۆر لێی تووڕە بووەو بڕیاریداوە چیدی پەیوەندی بە دی مارياوە نەکات.



## ڕاستە

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکان لە ئیتاڵیا، ئەو هەواڵەیان پشتڕاستکردەوە، کە بەمدواییە لە ڕۆژنامەکانی ئیسپانیادا بڵاوبووەتەوە، گوایە ماورۆ ئیکاردی هێرشبەری ئەرجەنتینی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی بە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی گوتووە من دەمەوێ بچمە ریزەکانی ریال مەدرید. ئەو سەرچاوانە لەو بارەوە دەڵێن «ڕاستە، ئیکاردی ڕاشکاوانە بە مێسی گوتووە ئەو لە دانوستاندایە بۆ چوونە ریزەکانی ریال مەدرید».



## یاریزانانی نیوکاسڵ بەهۆی پێکانیانەوە..

# لە 3 ساڵدا 5172 ڕۆژ لە یاریگەکان دوورکەوتوونەتەوە

**ڕووداوی وەرزشی ـ MIRROR**

یانەکانی خولی نایابی ئینگلیزی، پارەی زۆریان بۆ چاکبوونەوەی یاریزانە پێکراوەکانیان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا خەرجکردووە. لێکۆڵینەوەیەکی تازەش دەریخستووە، یانەی مانچێستەر یونایتد لە هەموو یانەکانی دیکە زیاتر پارەی لە یاریزانە پێکراوەکانی خەرجکردووە، لە دوایین 3 ساڵی ڕابردوودا.

بە گوێرەی ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی، مانچێستەر یونایتد یاریزانەکانی لەو ماوەیەدا، 187 جار تووشی پێکان بوونە، ئەوەش نزیکەی 52 ملیۆن پاوەند، وەک مووچەی یاریزانە پێکراوەکان لەسەری کەوتووە، ئەوەش بەرزترین ژمارەیە لەنێو هەموو یانەکانی پریمەرلیگدا.

لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات، مانچێستەر سیتی لە پلەی دووەم دێت، دوای خەرجکردنی 48 ملیۆن پاوەند، وەک مووچە و کرێی ئەستێرەکانی، ئەوانەی تووشی پێکان بوونە لە هەمان ماوەدا، کە ژمارەیان 146 پێکانە.

یانەی ئارسیناڵ لە پلەی سێیەم دێت، بە خەرجکردنی 43.9 ملیۆن پاوەند لە 147 پێکانی یاریزانەکانی. یانەی لیڤەرپوولیش لە لیستەکە دایە، بە خەرجکردنی 40 ملیۆن پاوەند، یانەی چێڵسی لە دوای ئەو دێت بە خەرجکردنی 23.8 ملیۆن پاوەند، ئینجا تۆتێنهام بە 19.9 ملیۆن پاوەند.

سوپرایزی ئامارەکە لەوە دابوو، هەڵگری نازناوی خولی ئینگلیزی لە وەرزی ڕابردوو، یاریزانەکانی چێڵسی تووشی 1500 پێکانی جۆراوجۆر بوون، لە ماوەی 3 ساڵی ڕابردوودا، کەچی یانەکانی مانچێستەر یونایتد، لیڤەرپوول و ئارسیناڵ بە دەست بەرزبوونەوەی ژمارەکە، بۆ سنووری 4000 پێکان ناڵاندوویانە. لێکۆڵینەوەکە دەریشیخستووە، بەدبەخترین یانە لە پریمەرلیگ، سەبارەت بە پێکانەکان نیوکاسڵ یونایتدە، کە یاریزانەکانی ناچاربوونە درێژترین ماوە لەنێو یاریگەکان دوورکەونەوە، ماوەکەش 5172 ڕۆژە، یانەی فۆلهامیش بە بەختترین یانەیە لەگەڵ پێکانەکان، یاریزانەکانی تەنیا 44 ڕۆژ بە درێژایی 3 ساڵ لە یاریکردن دابڕاون.

> "یاریزانانی مانچێستەر یونایتد لە 3 ساڵدا تووشی 187 پێکان بوون"



## کریس حەزدەکات یاری

# زیدان گڵۆپی سەوز بۆ

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

وا دیارە ئەمجارە زۆر هۆکار و پاساو بۆ ئەوە هەن، کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی بیر لە ڕۆیشتن لە ریال مەدرید بکاتەوەو تەنانەت یانەی شاهانەش ڕازی بێت بیفرۆشێت.

### زیدان گڵۆپی سەوزی هەڵکردووە

تۆڕی دیاریۆ گۆڵی ئیسپانی، باس لەوە دەکات زیدان لەگەڵ سەرۆکی یانەکەی فلۆرەنتینۆ پێرێز قسەی کردووەو پێی ڕاگەیاندووە، کاتی ئەوە هاتووە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی تیپەکە لە کۆڵ بکرێتەوە.

لێدوانەکانی پێشووی ڕۆناڵدۆ، کە تێیدا ڕەخنەی لە کارگێڕی یانەکە گرتووە، بەوەی ڕێگەیان داوە ئەلڤارۆ مۆراتا و خامیس ڕۆدریگز بڕۆن، هیچ یاریزانێکی باشیش بۆ تیپەکە نەهێنراوە لەم وەرزەدا، کێشەی گەورەی لە ژووری جلگۆڕینی ریال مەدرید دروستکردووە، کە سێرجیۆ ڕامۆس کاپتنی ریال مەدرید، بە ئاشکرا ڕەخنەی لەو بۆچوونەی ڕۆناڵدۆ گرت.

بە گوێرەی تۆڕەکە بێت، زیدان لەسەر هەندێ لایەن لەگەڵ ڕۆناڵدۆ کۆکە، کەچی وتەکانی دۆنی بە ئاشکرا بەدڵ نەبوو، زێدەباری دابەزینی ئاستی. زیزۆ پێیوایە نەدەبوو ئەو قسانە بە ڕاگەیاندنەکان بڵێت، تاوەکو کاریگەری نەرێنی بەسەر هاوتیپەکانی نەبێ و متمانەیان بەخۆیان لەدەستنەدەن، بۆیە لە ڕۆناڵدۆ تووڕە بووە. زیدان بە پێرێزی ڕاگەیاندووە، کاتی ئەوە هاتووە دەستبەرداری دۆن بن، نەخاسمە دوای دابەزینی ئاستی لە ڕووی ژمارەوە لەگەڵ تیپەکەدا.

### ڕۆناڵدۆ دەیەوێ بچێتە چێڵسی

ئەستێرەی پورتوگالی، لەسەر بڕاردەی ڕۆیشتن لە یانەی شاهانە لە هاوینی داهاتوو لەنگەری گرتووەو ڕووگەی خۆیشی دیاریکردووە.

ڕۆژنامەی دۆن باڵۆنی ئیسپانی باس لەوە دەکات، باشترین یاریزانی جیهان لە ساڵی 2017 دەیەوێ لە ریال مەدرید بڕوات لە ریزەکانی یانەی چێڵسی ئینگلیزی یاری بکات لە وەرزی داهاتوودا. ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوەش دەکات، ڕۆناڵدۆ ئارەزوو دەکات لە شاری لەندەن ژیان بەسەر ببات، خۆرخی مێندێزی بریکارەکەشی لەوە ئاگادار کردووەتەوە. ئەوەش دوای ئەوە دێت، کە ڕۆناڵدۆ سەرۆکی ریال فلۆرەنتینۆ پێرێزی لەوە ئاگادار کردووەتەوە، دەیەوێ لە



## دژی چوونی ئەوە بۆ ریال مەدرید..

# دیبالا ئیرەیی بە نەیمار دەبات

**ڕووداوی وەرزشی ـ TANGO**

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی واژووی ئەستێرەی بەرازیلی نەیمار دا سیلڤا، لە یانەی پاریس سانجێرمانەوە دەدات، بۆ ئەوەی ریزەکانی پێ قایمتر بکات، بەڵام یاریزانێک هەیە نایەوێ ئەو دەستەوارەیە سەر بگرێ، تاوەکو دەرفەتی یاریکردنی لە ریال مەدرید، لە ئایندەیەکی نزیکدا لێ دوور نەکەوێتەوە.

چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئیسپانی باسی ئەوە دەکەن، پاولۆ دیبالای هێرشبەری یۆڤێنتوس، لەدژی هاتنی نەیمارە بۆ ریال مەدرید، بۆ زانین ریال دیبالای لە بژاردەکانی خۆی لادا، دوای یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ لە وەرزی ڕابردوودا. ریال مەدرید دەرفەتی بە گارس بەیڵ لە تیپەکە بەخشی، بەڵام ئەو یاریزانە ئەو وەرزە لەدەستی دا، دوای دوورخستنەوەی بژاردەی دیبالا.

بەپێی ئەو سەرچاوانە، پاولۆ دیبالا لەگەڵ برای و بریکارەکەی قسەی کردووە، تاوەکو لەگەڵ فلۆرەنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ریال مەدرید قسە بکەن، بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ گواستنەوەی بۆ ریال مەدرید.

### نەیمار بۆ مانەوەی لە بارسا گریاوە

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی، پەردەی لەسەر سوپرایزێکی تایبەت بە نەیماری ئەستێرەی بەرازیلی و جۆسیپ ماریا بارتۆمیۆ سەرۆکی بارسیلۆنا هەڵداوەتەوە.

لە هاوینی ڕابردوودا نەیمار ماڵئاوایی لە کامپ نو کرد و بارسای جێهێشت، لە میانی دانی مەرجی سزایی گرێبەستەکەی لەگەڵ بلاوگرانا، کە بڕەکەی 222 ملیۆن یۆرۆ بوو، بەمەش بووە گرانترین یاریزان لە مێژوودا.

ڕۆژنامە مەدریدییەکە لە ڕێگەی ڕاگەیاندکار مارکۆس لۆپێز، ئاماژەی بەوە کردووە، نەیمار دەستی بە گریان کردووە و لەبەردەم سەرۆکی بارسا فرمێسکی باراندووە. ڕوونیشی کردووەتەوە، نەیمار چەند ڕۆژێکی کەم لە چوونی بۆ پاریس سانجێرمان بە فەرمی، چاوی بە بارتۆمیۆ کەوتووەو داوای لێکردووە لە بارسا بمێنێتەوە.

مارکا باسی ئەوەش دەکات، نەیمار داوای لە بارتۆمیۆ کردووە، پێویستە دەستەوارەکە ڕابگرێ و ڕازی نەبووە بچێتە تیپە پاریسییەکە، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا لە کامپ نو بمێنێتەوە. مارکا دەڵێت "نەیمار بە فەرمانبەرانی کامپ نوی گوتووە لەبیرم مەکەن، جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە".

## جوانترین لێدوان



**فرانک دیبۆر**
(یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی هۆڵەندا)

نازانم چی بەسەر ریال مەدریددا هاتووە، وابزانم هۆکاری ئاستنزمی یاریزانەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تینووی بردنەوە نین



**کۆکی**
(کاپتنی یانەی ئاتلێتیکۆ مەدرید)

هەر یاریزانێک نەیەوێ یاری بۆ ئاتلێتیکۆ مەدرید بکات با بڕوات، ئێمە منەتمان بەو یاریزانانە نییە کە منەتمان بەسەرەوە دەکەن



**خافێر تیباس**
(سەرۆکی ڕابیتەی لالیگا)

لە هەموو یارییەکانی بارسێلۆنادا هاندەرانی کامپ نو هاوار دەکەن ئیسپانیای سۆزانی، ئەگەر ئەم توندوتیژییە بەردەوام بێت یاریگەکە دادەخەین



**ئێنریکی سیریزۆ**
(سەرۆکی یانەی ئاتلێتیکۆ مەدرید)

ئەگەر گریزمان حەزبکات لەگەڵ نەیمار و ئیمباپێ یاری بکات، ئەوا ئەو دووانە دێنینە ئاتلێتیکۆ مەدرید بۆ ئەوەی گریزمان نەفرۆشین



**پاولۆ دیبالا**
(ئەستێرەی یانەی یوڤێنتوس)

دەرچوونی ئیتاڵیا لە مۆندیال ئازاربەخشە، بەڵام دڵنیام سوودی بۆ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دەبێت و وا دەکات شێوازی یاریکردنی بگۆڕێت



**ڕیۆفێردیناند**
(کاپتنی پێشووی مانچێستەر یونایتد)

شەوی یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگی 2009 شەرمەزارترین شەوی من بوو، بەهۆی مێسی کە بەڕاستی بڕوام بەوەکرد ئەو جادووگەر بێت

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 474 )
سێشەممە 2017/11/21



## درۆیە

هاری کەینی هێرشبەری یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزی، جارێکی دیکە ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باس لەوە دەکەن گوایە دەیەوێ ڕیزەکانی یانەکەی جێبهێڵێت. ئەو هێرشبەرە لە وەڵامی ئەو هەواڵەدا گوتی «درۆیە، دەمەوێ هەموو کاروانی وەرزشیی خۆم لەگەڵ تۆتێنهام بەسەرببەم، یانەیەکی گەورەو ڕاهێنەرێکی بلیمەتمان هەیە، بەمنزیکانەش دەبینە خاوەن یاریگەیەکی نایاب، من زۆر دڵخۆشم کە لە پریمەرلیگ یاری دەکەم».

دەیەوێ ڕێگە لە ڕۆیشتنی ئەستێرەیەک بۆ ریال مەدرید بگرێت..

# مێسی تەلەفۆنەکەی دەخاتە کار



ڕووداوی وەرزشی - TANGO

لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، بە کارگێڕی یانەکەی ڕاگەیاندووە، ئامادەیە تەلەفۆن بۆ دیلی ئالی ئەستێرەی ئینگلیزی یانەی تۆتێنهام بکات بۆ ئەوەی نەچێتە ڕیزەکانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و بەوە ڕازی بێت ببێتە یاریزانی بارسیلۆنا.

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەڤانی، مێسی ئارەزوو دەکات بارسیلۆنا فیلیپی کۆتینیۆی یاریزانی بەرازیلی بباتە کامپ نو، چونکە مێسی پێیوایە کۆتینیۆ ئاستێکی بەرزی هەیە، بەڵام لە ئەگەری سەرنەگرتنی ئەو گرێبەستە، مێسی هانی کارگێڕی یانەکەی دەدات، گرێبەست لەگەڵ دیلی ئالی، یاریزانی تۆتێنهام هۆتسپێرزی ئینگلیزی بکات.

ئەو سەرچاوانە دەڵێن "مێسی بە کارگێڕی بارسای ڕاگەیاندووە، بەنیازە خۆی بێتە نێو دەستەوارەکە و یارمەتی یانەکەی بدات، واڵووی یاریزانەکەی سپێرز بەدەستبێنێت".

دیلی ئالی، تەمەن 20 ساڵان بە یەکێک لە دیارترین یاریزانەکانی هێڵی ناوەڕاست لە پریمەرلیگ دادەنرێت، کە لە ڕۆژەڤی ریال مەدرید و مانچێستەر سیتی دایە، تاوەکو گرێبەستی لەگەڵدا بکەن. بۆیە وەک ئەو سەرچاوانە باسی دەکەن "مێسی لە ترسی هەوڵەکانی ئەو دوو یانەیە، پەیوەندی بە بەرپرسانی یانەکەی کردووەو پێی ڕاگەیاندوون، بەنیازە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە دیلی ئالییەوە بکات، تاوەکو ڕازی بکات بێتە ڕیزەکانی بارسا".





بەتایبەتی لە ناڤاس و مۆدریچ..

# ئیسکۆ خیانەت لە هاوڕێکانی دەکات

ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

ڕۆژنامەی دیاریۆ گۆڵی ئیسپانی، ئاشکرایکردووە فرانچیسکۆ ئیسکۆ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ریال مەدرید، دانوستانی لەگەڵ هاوتیپەکەی لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا، دێڤید دی خیا کردووە، بۆ ئەوەی بچێتە ڕیزەکانی یانەی شاهانە لە ماوەی داهاتوودا. هەرچەندە خۆی وا نیشانی کەیلۆر ناڤاس دەدات کە هاوڕێیەکی نزیکی ئەوە.

ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات، ئیسکۆ بە شایستەیی گۆڵپارێزی کۆستاریکی کەیلۆر ناڤاس، بۆ پارێزگاریکردن لە گۆڵی تیپەکە ڕازی نییە، بۆیە هەوڵ لەگەڵ دی خیا دەدات، تاوەکو بچێتە ڕیزەکانی ریال مەدرید، دوای ئەوەی زانیویەتی بەنیازە لە مانچێستەر یونایتد بڕوات.

ڕۆژنامەکە باسی ئەوەش دەکات، تەنیا ئیسکۆ نییە، کە بە شایستەیی ناڤاس، لە مانەوەی لە ڕیزەکانی یانەی شاهانە ڕازی نییە، بەڵکو کریستیانۆ ڕۆناڵدۆش هەمان بۆچوونی هەیە. دووپاتیشی دەکاتەوە "فلۆرەنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەکەش، لەگەڵ یاریزانەکان لەسەر ڕۆیشتنی ناڤاس و گرێبەستکردن لەگەڵ گۆڵپارێزێکی بەهێزی وەک دی خیا کۆکە، کە بەر لە 2 ساڵ هەوڵی گرێبەستکردنی لەگەڵدا".

### داوای ئەلکانتاراشی کردووە

ئیسکۆ دەیەوێ شوێنپەنجەی خۆی لە تیپەکەدا هەبێت و ئیدی وەک یەکێک لە دەستڕۆیشتووەکانی ریال مەدرید حسابی بۆ بکرێت.

سەبارەت بە شوێنگرەوەی لۆکا مۆدریچ، لە هێڵی ناوەڕاستی مێرینگێ. ریال گرێبەستی لەگەڵ ماتیۆ کۆڤاسیچ کرد، تاکو ببێتە شوێنگرەوەی مۆدریچ، هەروەها دانی سیبابۆسیش، کەچی ئیسکۆ پێیوانییە ئەو دووانە، ببنە شوێنگرەوەی شیاوی مۆدریچ، هەتا خودی خۆیشی. ئیسکۆ داوای لە هاوتیپەکەی تیاگۆ ئەلکانتار، یاریزانی پێشووی بارسیلۆنا و ئێستای بایرن میونشن کردووە، بێتە ڕیزەکانی ریال مەدرید لە ماوەی داهاتوودا، بۆ ئەوەی شوێنی مۆدریچ بگرێتەوە.

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەڤانی، ئیسکۆ لەگەڵ سەرۆکی ریال مەدرید قسەی کردووە و ڕێنمایی کردووە، ئەلکانتارا کە دوای ڕۆیشتنی کارلۆ ئەنچیلۆتی دەیەوێ لە بایرن میونشن بچێتە دەرەوە بێنێتە ریال مەدرید. بەڵام زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری ریال مەدرید پێیوانییە، گرێبەستکردن لەگەڵ تیاگۆ بۆ یانەی شاهانە پێشنۆرە بێت، بەڵکو دەیەوێ شوێنی دیکەی تیپەکە پتەو بکات.

> ”ئیسکۆ دەیەوێ لەمەودوا وەک یەکێک لە دەستڕۆیشتووەکانی ریال مەدرید حسابی بۆ یکرێت“

# ...ۆ ڕۆناڵدۆ هەڵدەکات

بۆ چێڵسی بکات.

...کۆتایی ئەم وەرزەدا لە ڕیزەکانی ریال مەدرید بڕوات.

### گرێبەستێکی چەور

ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەفسانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، گرێبەستێکی چەوری بۆ ڕۆیشتن لە یانەی شاهانە لە ماوەی داهاتوو پێگەیشتووە.

چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی ئیسپانی باس لەوە دەکەن، یانەیەکی ئەمریکی بڕی 40 ملیۆن یۆرۆی وەک مووچەی ساڵانە خستووەتە بەردەم دۆن. بڕەکە دەگاتە 60 ملیۆن یۆرۆ لە یەک وەرز، لە حاڵەتی چوونی لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی بارسێلۆنا لەگەڵی بۆ خولی ئەمریکا.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکان ئاماژە بەوەش دەکەن، ئەو یانە ئەمریکییە بەنیازە مێسی و ڕۆناڵدۆ بباتە ڕیزەکانی، بۆ ئەوەی ڕۆناڵدۆ ساڵانە 60 ملیۆن یۆرۆ، یان 40 ملیۆن یۆرۆ وەرگرێت، لە حاڵەتی چوونی بە تەنیا. ڕاپۆرتەکان ڕوونیشی دەکەنەوە، یانەی مەیامی لەوانەیە تیپی ڕۆناڵدۆ بێت لە ئەمریکا، کەچی لەوانەیە مێسی بچێتە لۆس ئەنجلۆس گالاکسی.

### هۆکارەکانی ڕۆیشتنی ڕۆناڵدۆ

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەستێرەی ریال مەدریدی ئیسپانی، هۆکارەکانی ئارەزووی ڕۆیشتنی لە یانەی شاهانە بە سەرۆک فلۆرەنتیۆ پێرێز ڕاگەیاندووە. تۆڕی دیاریۆ گۆڵی ئیسپانی باس لەوە دەکات، ڕۆناڵدۆ لە برنابیۆ دڵخۆش نییە و دەیەوێ بڕوات، لەبەر 4 هۆکار کە بۆ پێرێزی ئاشکرا کردووە.

تۆڕەکە ئاماژە بەوە دەکات، هۆکاری یەکەم مووچەکەیەتی لە یانەکە، دۆن پێیوایە بە بەراورد بە مووچەی مێسی لەگەڵ بارسێلۆنا مووچەکەی بەس نییە. هەروەها ڕۆناڵدۆ هەست بەوە دەکات، کە پێویست بوو ریال مەدرید لە کێشەکانی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی باج لە ئیسپانیا، پشتیوانی و پشتگیری کردبا. هۆکاری سێیەم پەیوەستە بە ویستی یانەکە بۆ هێنانی نەیمار دا سیلڤای بەرازیلی، کە بێگومان لەو حاڵەتەدا نەیمار دەبێتە هەڕەشە لەسەر پێگەی ڕۆناڵدۆ وەک پیاوی یەکەمی یانەی شاهانە. هۆکاری چوارەمیش هەر پەیوەستە بە میرکاتۆوە، کە تایبەتە بە هەوڵەکانی یانەکە بۆ هێنانی کلیان ئیمباپێ.

## ـــەکانی هەفتە



جۆرجینیۆ کلینی
(بەرگریکاری یانەی یوڤێنتوس)

یاریزانێک بە تەنیا نەک هەر ناتوانێ مێسی رابگرێت، بەڵکو ناتوانێت دەستیشی لێبدات، مێسی تەنیا بە کارێکی بە کۆمەڵ رادەگیرێت



فلیپی کۆتینیۆ
(ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوول)

زۆر یاریزان نموونەی بەرزی منن، بەڵام هیچ یاریزانێکی دیاریکراو نییە کە من حەز بکەم وەک ئەو بم



کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ
(ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید)

من پلانم بۆ ئەوە داناوە کە زۆر منداڵم هەبێت، چونکە لای من ژیان بەبێ منداڵ هیچ مانایەکی نییە



کیپلەر لاڤیران
(باوکی پیپێی بەرگریکاری پورتوگالی)

بەداخەوە بۆ ریال مەدرید، هەر ئەوەندە ڕێز لە ئەستێرەکانی دەگرێت کە ئاستێکی بەرزیان هەیە، دواتر نایانناسێتەوە



پابلۆ ئۆزڤاڵدۆ
(یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)

لەبەرئەوە زوووازم لە یاریکردن هێنا، چونکە مەیخواردنەوەو ئاهەنگەکانی شەوانەم پێباشتر بوو لەو بازرگانییەی بە یاریزانانی تۆپی پێوە دەکرێ



ئیدین هازارد
(ئەستێرەی یانەی چێڵسی)

لە ڕێگەی تۆپی پێوە پارەیەکی زۆر زۆرم دەستکەوتووە، بەڵام هەرگیز خۆم وەک دەوڵەمەندێک نیشان نادەم لەبەر هەستی ئەوانەی مووچەیەکی کەم وەردەگرن



**سەرسوڕهێنەرە**

کریستین ئێریکسنی ئەستێرەی دانیمارکی، ئاستێکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی و یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزی پێشکەش دەکات. ئەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، لە پاڵاوتنەکانی مۆندیالی 2018ی ڕووسیادا 11 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی دانیمارک تۆمارکرد، کە دوایینیان هاتریکی بوو لە هەڵبژاردەی ئێرلەندا. ئێریکسن لە دوایین 15 یاری نێودەوڵەتیدا 15 گۆڵی هەیە و لە دوایین 8 یاری هەڵبژاردەی دانیمارکیشدا لە 7 یارییدا گۆڵی تۆمارکردووە.

## سەرەڕای ئەوەی ویستی هەردووکیانە..

# نەیمار مەحاڵە بچێتە ڕیال مەدرید



**ئا: ئیحسان تاهیر**

سەرەڕای ئەوەی زۆر لە سەرچاوەکانی هەواڵ باس لە بوونی پلانێک بۆ چوونی نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی بۆ ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دەکەن، زۆر هۆکاریش هەن بۆ ئەوەی نەیماریش حەزبکات بچێتە یەکێک لە گەورەترین یانەکانی جیهان، بەڵام لە هەمانکاتدا هەندێ بەربەستیش هەن، وا دەکەن ڕۆیشتنی نەیمار بۆ ریال مەدرید مەحاڵ بێت.

### 7 هۆکار بۆ چوونە ریال مەدرید

گەورەترین دەستەوارە لە مێژووی تۆپی پێ. ئایا بە خێرایی ڕووگەی خۆی لە پاریسەوە بۆ یانەی شاهانە دەگۆڕێ؟ لەو ڕۆژانەدا ئەو دەنگۆیانەی باس لە نائاسوودەیی یاریزانی بەرازیلی، لەگەڵ تیپەکەی پاریس سانجێرمان زۆر بوونە، دوای دەرکەوتنی چەندین کێشەی نەیمار لەگەڵ یانەکەی، کە کردییە گرانترین یاریزان لە مێژوودا. 7 هۆکار هەن، کە لەوانەیە پاڵ بە نەیمارەوە بنێن، بچێتە یانەی شاهانە:

#### 1
#### ناکۆکی لەگەڵ کارگێڕی بارسێلۆنا:

چەندین ڕاپۆرت دووپاتی دەکەنەوە، نەیمار لە هاوینی ڕابردووەوە پلانی دەرچوونی لە بارسێلۆنا داناوە، بۆ ئەم مەبەستەش چاوی بە خاوەنی یانەی پاریس لە شاری ئیپینزا کەوتووە. ڕاپۆرتەکان باسی ئەوەش دەکەن، کارگێڕی بارسێلۆنا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەستێرەکانی تیپەکە، لە سەرووی هەموشیانەوە مێسی خراپ بوو، بە شکستهێنانی تاوەکو ئێستا لە ڕازیکردنی تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی.

#### 2
#### کولتووری نازناوەکان لە مەدرید:

یانەی ریال مەدرید لەلایەن زۆر کەسەوە، بە سەرکەوتووترین یانە دادەنرێ، بەدەستهێنانی نازناوی چامپیۆنزلیگیش 12 جار لە مێژوویدا یارمەتی ئەوەی دەدات، مەدرید کۆنترۆڵی مێژووی پاڵەوانیەتی خولی ئیسپانیاشی کردووە 33 نازناو، پاریس سانجێرمانیش لە مێژووی خۆیدا، نەیتوانیوە نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەستبێنێت. ساڵی ڕابردووش بەشێوەیەکی دراماتیکی لەسەر دەستی بارسێلۆنا لە خولەکە چووە دەرەوە.

#### 3
#### جێگرەوەی ڕۆناڵدۆ:

نەیمار و ڕۆناڵدۆ دوو وەرز ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە، بەهۆی یاریکردنیان بۆ دوو جەمسەرەکەی ئیسپانیا، پەیوەندییەکی باشیان هەیە، هەرچەندە ڕاگەیاندنەکان هەوڵیاندا بیانخەنە نێو جەنگێک، کە هیچ پەیوەندی بەوانیشەوە نەبوو، تەنیا بۆ پڕفرۆشی ڕۆژنامەکان و سوودوەگرتنی دارایی بوو، نەیمار گوتی «کریستیانۆ شایستەی ئەوەیە، خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان وەرگرێ». هەرچەندە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕۆناڵدۆ هەیە، کە لەگەڵ یانەی شاهانە تێر پاڵەوانیەتی بوو، چەند ڕاپۆرتێک دەرکەوتووە، باس لەوە دەکەن، کارگێڕی یانەکە بیر لە فرۆشتنی دەکاتەوەو ئەو ماوەیەی لە گرێبەستەکەی ماوە بقۆزێتەوە، تاوەکو ئەستێرەیەکی گەورەی پێ ڕاکێش بکات، کە بتوانێ شوێنی ئەو لە تیپەکە بگرێتەوە، چەندین ناو خراوەتە ڕوو، کە نەیمار دیارترینیانە.

#### 4
#### کاپتنی مەدرید پەسنی نەیمار دەدات

«باشترین یاریزانی جیهانم لێرە لەگەڵم لە مەدرید دەوێ، بە دڵنیاییشەوە نەیمار یەکێکیانە، ئەگەر شتەکە بەدەستی من بووایە، لە نزیکترین دەرفەت دەمهێنا، تاوەکو لەگەڵمان بێت». ئەوە وتەی سێرجیۆ ڕامۆسە لە بارەی نەیمارەوە. ئەوەش یەکەم لێداونی نەیمار نییە، کە پەسنی نەیمار دەدات، پێشتریش کۆمێنتی لەسەر ڕۆیشتنی سەرنجڕاکێشی، لە سەرەتای وەرز بۆ پاریس دا و گوتی «ڕۆیشتنی بۆ پاریس لە بەهێزی بارسێلۆنا، ڕکابەری هەمیشەی ریال مەدرید کەم نەکردووەتەوە»، ڕامۆس پێشتر ئەوەی لەگەڵ یاریزانە ڕۆیشتووەکان لە بارسێلۆنا نەکردووە.

#### 5
#### پێشەنگی نەیمار لە مەدرید:

10 ساڵ پێش ئێستا، ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی، هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ نەیمار کردووە، یەکێ لە پرسیارەکانی لێیکرا، لەبارەی پێشەنگی ئەو بوو، ئایا کاکا یان ڕۆناڵدینیۆیە؟، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وەڵامی دایەوە «زیدان وەک پێشەنگی خۆم تەماشا دەکەم».

#### 6
#### فشار و دەنگۆیەکان:

لەبارەی ناکۆکی لەگەڵ هاوتیپەکەی کاڤانی و ڕاهێنەری تیپەکە ئێمری، پرسیار لە نەیمار کرا، نکۆڵی لەو قسانە کردو گوتی «من لە پاریسم بۆ ئەوەی یارمەتی تیپەکەم بدەم و ببەمەوە، ئەوەم بەلاوە گرنگە»، لەو ماوەیەشدا ڕاهێنەری بەرازیل قسەکانی پێبڕی و گوتی «متمانەم بە توانای نەیمار هەیە بەرگەی فشارەکان بگرێ». دواتر نەیمار ڕووی خۆی لە ئامادەبووان وەرگێڕا، تاوەکو فرمێسکەکانی بسڕێ.

#### 7
#### دەروشانەوەی بەرازیلییەکان لە مەدرید:

ریال مەدرید لە بەرازیل خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، ژمارەیەکی زۆری یاریزانانی بەرازیلیش وەک ڕۆناڵدۆ، ڕۆبێرتۆ کارلۆس، کاکا، ڕۆبینیۆ و مارسیلۆ یارییان بۆ ریال مەدرید کردووەو هەمووشیان ژمارەی بەرچاویان لەگەڵ یانەی شاهانە بەدەستهێناوە، بۆیە نەیمار لەوێ هەست بە تەنیایی ناکات، چونکە هەموو ئەو ناوبراوانەی سەرەوە، لە مەدرید گوێ لە قسەیان دەگیرێ.

#### خۆشەویستییەکی مەحاڵ

وەکو لۆجیک نەیمار بە بژاردەیەکی نموونەیی، بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕۆناڵدۆ دادەنرێت، دوای تەواوبوونی ماوەکەی لەگەڵ مێرینگێ، بەتایبەتی دوای پاشەکشەکردنی پشکەکانی (موشەکی مادێرا) لە بەرامبەر ناوە هەڵکشاوەکان لە تیپەکە، وەک ئیسکۆ و ئەسینسیۆ. بەڵام بە کردار ریال مەدرید پێیوایە، لەوانەیە ئەو دەستەوارەیە مەحاڵ بێت، چونکە لەوانەیە نیو ملیار یۆرۆ لەسەری بوەستێ، لە بەهای گواستنەوە و مووچەکەیدا، وەلێ ئەو ژمارانە لەوانەیە بۆ ئێستا شتێکی ئاسایی بێت، چونکە یاریزانی ئاست نزمتر لە ڕۆناڵدۆ، مێسی و نەیمار، بەهای ئێستایان دەگاتە 200 ملیۆن یۆرۆ. بەپێی هەندێ سەرچاوەی دیکەی وەک ڕۆژنامەی گلۆبۆ سپۆرتی بەرازیلیش، لەوانەیە ناکۆکی لەگەڵ ئێمری، تاکە هۆکار نەبێت، بۆ ویستی پێشبینیکراوی نەیمار بۆ ڕۆیشتن. کە ئەو فێربوونی زمانی فەرەنسی بەلایەوە زەحمەتە و بیری ژیان لە ئیسپانیاش دەکات.

#### نەیمار ناتوانێ لە پاریس بڕوات

دوای ئەوەی هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بانگەوازیان بۆ ئەوە کرد کە مەرجێکی سزایی لە گرێبەستی نێوان نەیمار و یانەی پاریس سانجێرماندا هەیەو بەهۆیەوە ئەو یاریزانە دەتوانێت ریزەکانی یانەی پاریس جێبهێڵێت، ڕۆژنامەی زە سەنی بەریتانی ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوەو ڕایگەیاند «سەرچاوەیەک لە یانەی پاریس سانجێرمانەوە پێی ڕاگەیاندوون کە ئەو هەواڵە دوورە لە ڕاستی».

پێشتر ڕاگەیێنرا، کە نەیمار لە کاتی ڕۆیشتنی لە بارسێلۆنا و پەیوەندیکردن بە پاریس سانجێرمانەوە مەرجی ئەوەی بۆ فەرەنسییەکان داناوە، کە پێویستە هەمان مەرجی سزایی بارسێلۆنای بۆ دابنرێت، واتە هەرکاتێ یانەیەک ویستی و ئەویش ئارەزووی ڕۆیشتنی هەبوو، دەتوانێت گرێبەستەکەی بە 222 ملیۆن یۆرۆ هەڵبوەشێنێتەوە.

بەپێی ڕۆژنامە بەریتانییەکە، یانەی پاریسی پێیڕاگەیاندووە کە ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییەو هیچ یانەیەک ناتوانێت بێ ڕەزامەندی یانەکە نەیمار بباتە ریزەکانی.

> «یاریزانانی بەرازیلی لە ریال مەدرید سەرکەوتوون»

> «هیچ مەرجێک لە گرێبەستی نەیماردا نییە وا بکات بە ئارەزووی خۆی لە پاریس بڕوات»



## پەتەکە دەخاتە ملی خۆی..

# ئەبوتریکە لە سێدارە دەدرێت

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

تۆمەتبار ئەحمەد سەعید، بکوژی قەشە سەمعان شەحاتە، کاخەزێکی دەستنووسی خستە بەردەم دادوەر، تێیدا دووپاتی کردەوە، ئەو ناوانەی لە کاخەزەکە نووسراون، هانیان داوە ئەو قەشەیە بکوژێ، دەرکەوتووە یەکێک لە ناوەکان محەمەد ئەبو ترێکەی ئەستێرە و کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی میسرە. ئەو ناوانەی لە کاخەزەکەدا هاتوون ئەمانەن: محەمەد ئەبو ترێکەی یاریزان، عیسام ئەلعەریان، ڕابەر محەممەد بەدیع، خەیرەت شاتر و یاریزان هادی خەشەبە. دادوەریش ئەوەی لە کۆنوسی دانیشتنەکە پەسەند کردووە.

فەرمانگەی دووەم لە دادگای باکووری قاهیرە لە عەباسییە، گوێگرتنی بۆ تێهەڵچوونەوەی لە دادگاییکردنی تۆمەتباری ناوبراو لە کوشتنی قەشە سەمعان شەحاتە کرد، بۆ بەرزکردنەوەی بەرگریکردن لە تۆمەتبار ئەحمەد سەعید. پارێزەر نەجیب جوبرائیل بەرگریکار لە مافەکانی کوژراو قەشە سەمعان شەحاتە، گوتی «سکاڵایەک بۆ جێگری گشتی لەدژی ئەو ناوانە بەرز دەکەمەوە، کە ناویان لە کاخەزەکەدا هاتووە». بەرگریکاری تۆمەتبارەکە دووپاتیکردەوە، بریکارەکەی لە ڕووی دەروونییەوە ڕووخاوە و تووشی تێکچوونی مێشک بووە، بەڵگەش قسەکردنیەتی لە دادگادا، هەروەها داوای چاوخشاندنی بە پەڕاوی کێشەکەش کردووە.

ئەگەر بێتوو ئەم تۆمەتە بەسەر ئەبوترێکەدا ساغ بێتەوە، ئەگەری زۆر سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت. ئەو خاوەنە جەماوەرێکی زۆرە لە میسر، بەڵام لە لایەن دەستەڵاتەوە خراوەتە لیستی تیرۆرەوەو بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە سەر بە ئیخوان موسڵمینە.

## تۆتێنهام لە بارسێلۆنا و ریال مەدرید گرانترە..

# نرخی پێکهاتەی مان سیتی لە ملیارێک یۆرۆ ڕەتیداوە



**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

ڕوانگەی تۆپی پێ CIES سەر بە فیفا، لیستێکی بە گرانترین پێکهاتەکان، لە خولە گەورەکانی ئەورووپا بڵاوکردووەتەوە، بەهای هەموو پێکهاتەکانیشی ئاشکرا کردووە، زێدەبارەی بەهای مەزەندەیی گرانترین یاریزان لە پێکهاتەکاندا. لیستەکەش بەمشێوەیە:

**1 مانچێستەرسیتی**
بەهای پێکهاتەکەی 1 ملیار و 196 ملیۆن یۆرۆیە. گرانترین یاریزانیش لە پێکهاتەکەی: کیڤین دی برۆینە، بەهاکەی 145 ملیۆن یۆرۆیە.

**2 تۆتێنهام:**
بەهای پێکهاتەکەی 1 ملیار و 173 ملیۆن یۆرۆیە. گرانترین یاریزانیش لە پێکهاتەکەی: هاری کەین، بەهاکەی 186 ملیۆن یۆرۆیە.

**3 بارسێلۆنا:**
بەهای پێکهاتەکەی 1 ملیار و 130 ملیۆن یۆرۆیە. گرانترین یاریزانیش لە پێکهاتەکەی: لویس سوارێز، بەهاکەی134 ملیۆن یۆرۆیە.

**4 چێڵسی:**
بەهای پێکهاتەکەی 1 ملیار و 44 ملیۆن یۆرۆیە. گرانترین یاریزانیش لە پێکهاتەکەی: ئیدین هازارد، بەهاکەی 121 ملیۆن یۆرۆیە.

**5 مانچێستەریونایتد:**
بەهای پێکهاتەکەی 919 ملیۆن یۆرۆیە. گرانترین یاریزانیش لە پێکهاتەکەی: ڕۆمیلۆ لۆکاکۆ، بەهاکەی 165 ملیۆن یۆرۆیە.

**6 ریال مەدرید:**
بەهای پێکهاتەکەی 903 ملیۆن یۆرۆیە. گرانترین یاریزانیش لە پێکهاتەکەی: کریستیانۆ ڕۆناڵدۆیە، بەهاکەی 96 ملیۆن یۆرۆیە.

**7 لیڤەرپووڵ:**
بەهای پێکهاتەکەی 901 ملیۆن یۆرۆیە. گرانترین یاریزانیش لە پێکهاتەکەی: محەممەد سەلاح، بەهاکەی 101 ملیۆن یۆرۆیە.

**8 پاریس سانجێرمان:**
بەهای پێکهاتەکەی 864 ملیۆن یۆرۆیە. گرانترین یاریزانیش لە پێکهاتەکەی: نەیمار دا سیلڤا، بەهاکەی 218 ملیۆن یۆرۆیە.

**9 ئاتلێتیکۆمەدرید:**
بەهای پێکهاتەکەی 800 ملیۆن یۆرۆیە. گرانترین یاریزانیش لە پێکهاتەکەی: ئەنتوان گریزمان، بەهاکەی 147 ملیۆن یۆرۆیە.

**10 یوڤێنتوس:**
بەهای پێکهاتەکەی 743 ملیۆن یۆرۆیە. گرانترین یاریزانیش لە پێکهاتەکەی: پاولۆ دیبالا، بەهاکەی 166 ملیۆن یۆرۆیە.

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (474)
سێشەممە 2017/11/21



## یاری بە ملیۆنێک

ئامارەکانی گاریس بەیڵی ئەستێرەی ریال مەدریدی ئیسپانی، دەریدەخەن کە یانەی شاهانە بەهۆی زۆری ئەو پێکانانەی بەیڵ تووشی بووە، هیچ سوودێکی لێوەرنەگرتووە، بەڵکو هەر یارییەکی بە 1.06 ملیۆن یۆرۆ لەسەر ریال مەدرید کەوتووە. بەپێی ئەو ئامارانە بەیڵ لەگەڵ ریال مەدرید تووشی 20 پێکان بووە، واتە لە هەر ساڵێکدا 4 پێکان و تەنیا 159 یاری کردووە، کە بەدابەشکردنی پارەی کرینی ئەو بەسەر ژمارەی یارییەکانیدا دەردەکەوێت هەر یارییەکی بەیڵ بەرامبەر زیاتر لە ملیۆنێک یۆرۆ بووە.



ڕێبوار محەممەد

# بۆ دەبێ زیدان بە ئەنجامی دێربی دڵخۆش بێت؟

هەرچەندە ئەنجامی دێربی مەدرید نازناوی لالیگای لەگەڵ چەپکە گوڵێکی گەورەدا لەلایەن هەردوو یانە مەدریدییەکەوە بۆ بارسێلۆنا ئامادەکرد تا لە کۆتاییدا پێشکەشی بکات، بەڵام ئەگەر من بوومایە لە بری زینەدین زیدان، بەو ئەنجامە زۆر دڵخۆش دەبووم.

زیدان کە دوای یارییەکەش هێشتا دەستی بە تاڵەپووشەکانی ناو زریانی لالیگاوە گرتووە بۆ ئەوەی خۆی و تیمەکەی لێدەرباز بکات، بەتەواوی ئومێدی بە نازناوی لالیگا لەدەستنەداوە و دەڵێ لە کۆتاییدا زۆر شت دەگۆڕێن.

لەوانەیە ئەو لێدوانەی زیدان دڵی زۆر هاندەری مەدریدی خۆشکردبێت کە هێشتا بڕوایان بە قسەکانی ئەو ڕاهێنەرە هەیە کە دوای هەموو نوشستێکی یانەکەی، هەمان شت دووبارە دەکاتەوە. ئاخر ئەو وەرزی ڕابردووش کاتێک کلاسیکۆی دووەمی بە بارسێلۆنا دۆڕاند، گوتی: دەزانم هەمووتان پێتان وایە ئێمە بە دۆڕانی کلاسیکۆ نازناوی لالیگامان لەدەستداوە، بەڵام لە کۆتایی مانگی پێنجدا جارێکی دیکە لێرە من ئەوەتان بۆ باسدەکەمەوە چۆن نازناوەکەمان بردەوە.

وەرزی ڕابردوو زیدان لە کۆتاییدا پێکەنی و تیپەکەی نازناوەکەی بردەوە، بەڵام ئەوکاتی ریال مەدرید زۆر جیاوازبوو لە ئێستای ئەو تیپە، هەرچەندە هاندەرە مەدریدییەکان هێندە متمانەیان بە زیدان هەیە، پێیان وایە توانای خولقاندنی موعجیزەشی هەیە، وەک ئەوەی پار کردی. من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم و پێموانییە ئەوەی وەرزی ڕابردوو ڕوویدا، دەکرێ ئەمساڵیش ریال مەدرید هەمان شت دووبارە بکاتەوە، پێشموایە زیدان زۆر باشترە دەست لە دەستگرتن بە لالیگاوە هەڵبگرێت و پێویستە ستراتیجەکانی خۆی بۆ وەرزی ئەمساڵ ڕابرێژێتەوە.

باوەڕناکەم بارسێلۆنا بە ئاسانی 10 خاڵ لەدەست بدات و ڕێگەکە بۆ ریال مەدرید چۆڵ بکات بەرەو نازناوەکە، لە بەرامبەریشدا ریال هیچ خاڵێک لەدەستنەدات و هەردوو کلاسیکۆکەش بباتەوە، ئەمە ئەگەر ئاتلێتیکۆ مەدرید و ڤالێنسیاش لە ڕکابەرییەکە دووربخەینەوە. بەلای منەوە لالیگا کۆتاییهاتووە و ئەوەی بۆ ریال مەدرید ماوەتەوە کۆمەڵێک کاری زۆر باشترن لەوەی بەدوای ئەو نازناوە بکەوێت کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر لێوەی دوورە. کە دەڵێم کۆتاییهاتووە، دڵنیام لەوەی تەنیا موجیزەیەک دەتوانێ نازناوەکە بە ریال مەدرید بداتەوە، دەنا هیچ لۆژیکێک لەوەدا نەماوەتەوە بارسا پاش پێشکەوتن بە 10 خاڵ، نازناوەکەی لە ژێر دەست دەربێت.

ئەوەی بۆ ریال مەدرید ماوەتەوە زۆر شتە، یەکەمیان: ڕکابەریکردن لەسەر چامپیۆنزلیگ و پێموایە دوو ساڵی ڕابردوو ئەزموونێکی هێندە قوڵیان لای زیدان و یاریزانەکانی دروستکردووە دەتوانن بە ئاسانی تا کۆتایی بڕۆن. جیا لەمەش جامی شا نازناوێکە ریال مەدرید لەگەڵ زیداندا بەدەستی نەهێناوە و دەکرێ ئەوەش بەرەیەکی دیکەی شەڕکردنی ئەو یانەیە بێت.

دووەم: کە لەسەرەتاوە گوتم زیدان دەبێ بە ئەنجامی دێربی دڵخۆش بێت، مەبەستم ئەوە بوو کە بڵێم لە سەرەتای وەرزی ئەمساڵەوە و پاش هەردوو جامی سوپەری ئیسپانیا و ئەورووپا، بەبڕوای من یارییەکەی ئاتلێتیکۆ باشترین یاری ریال بووە لە وەرزی ئەمساڵدا. ماوەیەکی زۆرە ریال یاری وا باشی نەکردووە. گەڕانەوەی کارفاخال باڵێکی مردووی ریالی زیندووکردەوە و وایکرد مارسیلۆش ئاستی باش ببێتەوە، کرووس و مۆدریچ و کاسیمیرۆ و ئیسکۆش باشترین ئاستی خۆیان پێشکەشکرد و تیپەکە زیندوو بووەوە، ئەمە هێندەی بردنەوەی یارییەکە بۆ ریال مەدرید گرنگ بوو. کەواتە درێژەدان بەو ڕیتمە خێرا و فشار دروستکردنە و هێرشبردن لە هەموو لایەکەوە، دەتوانێ درەوشاوەترین خاڵ بێت بۆ ریال مەدرید.

سێیەم: زیدان ئەمساڵ بەهۆی تێکچوونی ڕیتمی یانەکەی و لەدەستدانی خاڵەکانەوە، نەیتوانیوە یاریزانە گەنج و یەدەگەکانی باش تاقیبکاتەوە، ئەوەی کردوویەتی تەنیا بە ناچاری و بەهۆی پێکانی سەرەکییەکانەوە بووە، ئەوەی لە وەرزدا ماوەتەوە، بە تایبەت لە لالیگا، باشترین هەلە بۆ متمانەدان بە گەنجەکان و بەرزکردنەوەی ئاستیان. تا ئێستا نە خیسیۆس ڤاییخۆ، تیۆ هێرناندێز، دانی سیبایۆس و نە بۆرخا مایۆرال ئەو هەلەیان وەرنەگرتووە توانای خۆیان لەگەڵ تیپەکەدا دەربخەن. ئەوەی تاقیکراوەتەوە ئەشرەف حەکیمییە کە بەڕاستی زۆر دوورە لەوەی درێسی سەرەکی ریال مەدرید بپۆشێت.

بۆ ئەوەی لە لالیگادا ماوەتەوە، دەکرێ زیدان خاڵە لاوازەکانی تیپەکەی دەستنیشان بکات، بگاتە ئەو بڕوایەی کێ باشترین یەدەگی مارسیلۆ و کێ باشترین یەدەگی کارفاخالە، ئایا کۆڤاسیچ توانای شوێنگرتنەوەی مۆریچی هەیە؟ ئایا مایۆرال دەتوانێ کەموکورتییەکانی بێنزیما پڕ بکاتەوە؟ لەوەش گرنگتر مانەوەی بەیڵ تا چەندە سوود بە یانەکە دەگەیەنێت؟.

هەموو ئەمانە و زۆر شتی دیکەش دەکرێ سەرەتای ئەو ڕیمۆنتادایە بن کە زیدان بەسەر خۆی و تیپەکەی خۆیدا دەیکات، ئاخر ڕاپەڕینی ناوخۆیی لەوەی دەرەوە زۆر گرنگترە، چونکە ئەوەی لە ناوخۆدا ڕوودەدات، دەستەبەری دەیان سەرکەوتن دەکات لە دەرەوە.



## گەورەیی بۆفۆن

گریان و فرمێسکەکانی جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵپارێز و کاپتنی هەڵبژاردەی ئیتالیا، کە بەهۆی شکستهێنانی لە بەرامبەر هەڵبژاردەی سوێد و نەگەیشتنی هەڵبژاردەی ئازوری بە مۆندیالی 2018ی ڕووسیا ڕشتی، بە قەد بوومەلەرزەیەک جیهانیان هەژاند، چونکە ئەو یەکێکە لە ئەفسانەکانی تۆپی پێ لە مێژوودا.

گەورەیی ئەو ئەفسانەیە تەنانەت ڕکابەرانیشی نیگەران کرد، کە ئەم وێنەیە گوزارشتێکی ڕاستەقینەیە بۆ ئەو ڕاستییە.

وەک لە وێنەکەدا دیارە، یان ئەندرسۆنی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی سوێد، کە بۆفۆن و ئیتالیای لە مۆندیال بێبەشکرد، لەدوای یارییەکە خۆی بۆ نەگیرا و لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ یاریزانەکانی ئاهەنگی سەرکەوتن بۆ مۆندیال بگێڕێت، ڕایکردە لای بۆفۆن بۆ دڵدانەوەی ئەو، کە بێگومان ئەم هەڵوێستەی ئەو ڕاهێنەرە تەنیا دەرئەنجامی گەورەیی بۆفۆنە. وەک ئەوەی زمانحاڵی یان ئەندرسۆن بە بۆفۆن بڵێت "گوناحە تۆ لە مۆندیال نەبی".



### بالاک گاڵتە بە هەڵبژاردەی ئیتالیا دەکات..

# "با لەپێناو ئیتاڵیا نوێژ بکەین"

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا نەیتوانی بگاتە کۆتاییەکانی مۆندیالی 2018، چەندین دەستەواژەی گاڵتەئامێز لە ئازوری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوونەوە. کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، مایکل بالاکیش لە تویتێکدا گاڵتەی بە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کرد، پاشان ناچاربوو بیسڕێتەوە.

میکایل بالاک، کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، گاڵتەی بە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کرد، کە نەیتوانی بگاتە کۆتاییەکانی مۆندیالی 2018. بالاک لە تویتێک لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، دوای تەواوبوونی یاری نێوان ئیتاڵیا و سوێد بە یەکسانبوون بەبێ گۆڵ نووسی "با لەپێناو ئیتاڵیا نوێژ بکەین". ئەو دەستەواژەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک هێمایەک لە کاتی ڕوودانی هێرشی تیرۆریستی یان کارەساتی زیانگەورە بەکار دەهێندرێ. ئەو یاریزانەی پێشووی چێڵسی، تویتەکەی کە ڕەخنەی زۆری لێگیرا سڕیەوەو لە شوێنی ئەو نووسی "ئایا ئێستا نازناوی مۆندیال بەدەستدێنین؟"، وەک ئاماژەیەک بۆ دابڕانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، کە پێشتر لە مۆندیالی مەکسیک 1970 و ئەڵمانیا 2006 هەڵبژاردەی ئەڵمانیای لە گەیشتن بە کۆتایی مۆندیال بێبەش کرد، بەڵکو نازناوەکەشی لە ئیسپانیا لە ساڵی 1982 لێ ڕفاند.

### 23 هەزار یۆرۆی لێدەبات..

# لیڤاندۆڤسکی دەکەوێتە داوی فێڵبازێکەوە



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پۆڵەندا دووپاتیان کردەوە، ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی، هێرشبەری یانەی بایرن میونشن و هەڵبژاردەی پۆڵەندا، بووەتە قوربانی فێڵێک، کە فێڵبازێک لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لێی کردووە. ئەو فێڵە بڕی 23 هەزار یۆرۆ زیانی لە لیڤاندۆڤسکی داوە، بەڵام پەندێکی باشی لێوەرگرتووە، کە لە ئایندەدا سوودی بۆی دەبێت، ئەویش ئەوەیە، باوەڕ بە هەموو شتێک نەکات، کە گوێی لێ دەبێ، یان دەیبینێ. لیڤاندۆڤسکی وەکجاران لاپەڕەکانی ئینتەرنێتی هەڵدەدایەوە، لە لاپەڕەیەک بینی، منداڵێکی پۆڵەندی پێویستی بە نەشتەرگەرییەکی بەپەلە هەیە، تاوەکو لە مردن ڕزگار بکرێ، یان هەر هیچ نەبێ لە کوێربوون ڕزگار بکرێ، کەسێک نووسیبووی "منداڵێک بەناوی ئەنتۆس ڕۆدزیکی تووشی شێرپەنجەی چاو بووەو پێویستی بە 350 هەزار یۆرۆیە، تاوەکو نەشتەرگەری نۆژداری لە ئەمریکا بۆ بکرێت".

ڕۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی دەڵێت "دوای ئەوەی لیڤاندۆڤسکی لەگەڵ هاوسەرەکەی قسەی کردووە، بڕیاری داوە بڕی 23 هەزار یۆرۆ ببەخشێتە ئەو منداڵە، تاوەکو ڕۆڵی لە ڕزگارکردنی هەبێ، کەچی دواتر بۆی دەرکەوت، بووەتە قوربانی گزیکەرێکی پۆڵەندی بەناوی میکێل شنیشکی، ئەوەی توانی بەو ڕەوشە مرۆییە خەیاڵییە بڕی 230 هەزار یۆرۆ کۆبکاتەوە".

سەیر لەوەدایە شنیشکی وێنەیەکی لە بەڵگەنامەی پارە بەخشینی لیڤاندۆڤسکی بڵاوکردەوە، بەڵێنشی دا پارەی ئەو و پارەبەخشەکانی دیکەش بداتەوە. لیڤاندۆڤسکی وەک قوربانییەکی ئەو کێشەیە بانگی دادگا کرا، هەرچەندە تۆمەتبارەکە دانی بەوەدا نا، پارەی هەموو پارە بەخشەکان لەو ڕاگەیاندنە خەیاڵییە دەداتەوە.

## پێشبڕکێ





به کورتترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو سامان فەخرەدین لە سلێمانی

بە کۆمێنتی: (تەمەن بەرەو هەڵکشان، بێسوودە ئاخ هەڵکێشان)



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

ڕووداو هەمووان گەنجتر دەکاتەوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە
کۆمپانیای ڕووداو هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
RÛDAW
www.rudaw.net